# لە پشدەر و بتوێن

## ماوەی دەزگیرانداری لە سەهۆڵبەندان دەچێت

**باوکێک" ئەم دیاردەیە لەگەڵ دابونەریتی ئێمەدا ناگونجێت "**

ڕاپۆرتی کوردستان ڕەسوڵ - سەنگەسەر



گەنجان لە ماوەی دەزگیرانیشدا هێشتا چاوی کۆمەڵگەیان لەسەرە

"ئێوارەیەك دەستگیرانەکەم هات و دەستی گرتم و لەبەرچاوی باوکم وتی"وەرە بابچین بۆ پیاسە"، لێرەوە لە جیاتی دەستپێکردنی خۆشییەکان ناخۆشییەکان لە دەرگایاندا، چونکە باوکم هەمیشە مێینەی وەکو شەرەف و ناموس سەیر دەکرد، باحەلاڵی خۆشی بێت، وای دەزانی ئەتکێکی گەورەی پێکراوە، خۆی لە دەستگیرانەکەم توڕە کرد و بە زەبری جنێو دەریکردە دەرەوە، دەستگیرانەکەشم بۆ هەستانەوەی تێکشکاوی خۆی و تیمارکردنی پیاوەتییە لەکەدار کراوەکەی سوێندی خوارد دەست لە من هەڵگرێت، من لە نێوان دوو بەرداشدا بووم، کە هەریەکەیان دەیویست وەك داشی دامە بەکارم بێنێت و گەورەیی خۆی بباتەوە، تا ئەوە بوو خوا ڕەحمی کرد بەهۆی ڕیش سپییەکانی هەردوو عەشیرەتەوە هەم باوکم دڵی چاك بووەوە هەم دەستگیرانەکەم بڕیاریدا بمگوازێتەوە"، کچێك بەم شێوەیە چیرۆکی بەسەربردنی ماوەی دەستگیرانی خۆی گێڕایەوە.

ئەو وتی "کەلتوری ئەم ناوچەیە ئەوەی لە باو و باپیرانەوە بۆ هێشتووینەتەوە" دەستگیرانەکان وەك دووکەسی نامۆو نەناسراو بەیەك مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن و تەنانەت بەترس و شەرمێکی زۆریشەوە قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن. (مامۆستا ڕووخۆش)ی (24) ساڵ کە ماوەی چەند مانگێکە دەزگیرانی گرتووە وتی"تەنها بەناو دەستگیرانی یەکترین بۆ ئیعلان کردن دایکم لەگەڵم هات، بۆ کڕینی جل و زێڕیش خوشکم لەگەڵم هات" ڕووخۆش بە حەسرەتەوە وتی"گەر ماڵەوەش ڕێگەم بدەن بەتەنیا لەگەڵ دەستگیرانەکەم بچمە دەرەوە، لەبەر کۆمەڵگا ناوێرم، بەرگەی ئەو هەموو چاوانە ناگرم کە لە بازاڕ و کۆڵانەکاندا زەق زەق تەماشام دەکەن" هەرچی (بەناز)ی (29) ساڵە وتی"من خەڵکی سلێمانیم، ماڵی باوکم بە تەنیا منیان دەنارد بۆ دەرەوە، بەڵام ماڵی خەزوورم کە خەڵکی ئەم ناوچەیەن بەلایانەوە زۆر سەیر و عەنتیکە بوو"

(حەسەن خدر)ی تەمەن (31) ساڵ پێیوایە کەلتور تەلیسمێکی سیحری نییە گرێکانی بەکەس نەکرێنەوە، بەڵکو "ئەوە ئێمەین دەبێ بیبینە قوربانی و ئەو عەیبانەی خەڵك لەبەریان هەڵدێت ئێمە بە پیریانەوە بچین" زۆرجار دەستگیرانەکان بۆ قسەکردن لەگەڵ یەکتری پەنادەبەنە بەر (مۆبایل)، یان کاتێك دەچن بۆ دائیرەکان بۆ تەواوکردنی معامەلەی زەواج، بە بیانووی جۆراوجۆر لەناو قەرەباڵغییەکان خۆیان لە بەرچاوی کەس وکاریان و ون دەکەن و قسەی خۆیان دەکەن. (پور فاتم)ی (45) ساڵ کە ژنی ماڵەوەیە، بەدەم هەڵبژاردنی دەسکێك سلقەوە بۆ یاپراخی ئێوارە ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو بەلایەوە شتێکی ئاساییە چونکە ئەوانە حەلاڵی یەکترن، بەلام (ڕەسوڵ پیرۆت) (57) ساڵ کە تراکتۆری پێیە ڕایەکی تەواو پێچەوانەی هەبوو ئەو وتی"ئەوە دەستوری غەربە چۆن بەیەکەوە دەچنە دەرێ، ئەوە لەگەڵ عادات و تەقالیدی کوردەواریدا ناگونجێت، دەبێت بە هەموو شێوەیەك بەرەنگاری ببینەوە، با حەلاڵی یەکتریش بن، کێ دەڵێت بە نسیب یەکتری دەبن"

شتێك کە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، خەڵکی بیر و ڕاو بۆچوون و نەریتەکانیان بەناوی کۆمەڵگاوە دەفرۆشنەوە بەوانی دی، وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەیوت"ئەگینا دیاردەیەکی لەم جۆرە گەر دیاردەیەکی ڕەسەنی قسەلەسەر نەکراوە بۆچی لە شوێن و جێگاکانی دیکەی ئەم وڵاتەدا جیاوازە و خەڵکەکەیشی قبوڵیەتی"